ئەنجومەنی نوێنەران کارنامەی دانیشتنەکەی ڕۆژی چوارشەممە بڵاودەکاتەوە

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەمڕۆ دووشەممە کارنامەی دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە.

لە بەیاننامەیەکی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە :- ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو دەنگدەدرێت لەسەر پێشنیازی یاسای هەمواری دووەمی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی ژمارە 31 ی ساڵی 2019 و پڕۆژەیاسای گەڕانەوەی خانووبەرەکان بۆ خاوەنەکانیان

وپڕۆژەیاسای پشووە فەرمییەکان.

هەروەها ئاماژەی کرد بەوەی کە لەدانیشتنەکەدا خوێندنەوەی یەکەم دەکرێت بۆ پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی حەشدی شەعبی و پڕۆژەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەزگای شەهیدانی ژمارە 2 ی ساڵی 2016 ، جگەلەوەش خوێندنەوەی دووەم دەکرێت بۆ پڕۆژەیاسای دەزگای هەواڵگری نیشتیمانی.